## خەوتووەکانی پەرلەمان نوێنەری من نین؟! ... ئاسۆعەبدوللەتیف

کوردستان نێت کارێکی باشیکرد کە وێنەیەکی سەرنجراکێشی ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستانی پیشاندابین کە پەرلەمانتارەکانمان، کوڕە گوێرایەڵ و هەڵبژاردەکانی حیزب، نوێنەرە خەوتووەکان، هەندێ لە پاڵێوراوە خێڵەکی و ڤەندەمێنتاڵەکانی یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو، چۆن خەویان لێکەوتووەو باوێشك ئەدەن و وەنەوز ئەیانباتەوە!! ئاخر ئەو نوێنەرانە بە چ حەقێك نوێنەرانی کوردو کوردستان ئەکەن؟ کام پێوەری ئەخلاقی و ویژدانی هەیە کە ئەوان بکاتە دەمراست و داکۆکیکارو پارێزەری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد؟ ئەگەر قودرەتی قادرو سیاسەتی ئەفسونگەری و خێڵەکیانەی حیزبی کوردی نەبێت ئەو خەوتوانە ئەبنە نوێنەری گەلێکی تەزیوو قوربانیدەرو خوێن لێچۆراوی وەکو کوردی هەناسە سارد؟

ئەوان لە باتی سەرمەستکردن بە پێکە شەرابەکانیان و سۆراخکردن بۆ ڤێللای تازەو سەیارەی دوامۆدێل و خەوبینین بە شەوانی سوور، حەق بوو شەوانیشیان بخستایەتە سەر رۆژ و نەخەون تا هەرچی بێ حورمەتی و بێمافی و بێ ئالایی و بێ کیانی هەیە وەکو ئازارێکی نەتەوەیی دەربخەن، دەستورێکی خۆماڵی کوردانە بنوسنەوەو بیکەنە ئەمری واقیع و فەرزی بکەن بەسەر کۆمەڵگای عیراقیدا و دەستورێکی دڵخوازو سەربەخۆ رابگەیەنن ونەفرەت لە دەستوری عەرەبیزم و مەزهەبی و شۆڤێنی بکەن، کەچی ئاوا بەبەرچاوی هەموو دونیاو چاوی کامێرای میدیاکانەوە خەو ئەیانباتەوە، کوڕە ناهەقیشیان نییە مافەکانی کورد لە دەستوورەکەی بەغادا ئەوەندە درێژ بۆتەوە هەر شایان بە خەوە بە تایبەتی مادەی 58 ی کەرکوك کە ئەبێت تا ساڵی 2007 بخەوین و وەنەوز بدەین؟!!

ئەگەرچی ئەوە پەرلەمانتارەکان نین خەوتوون ئەوە ئەو پەرلەمانتارو رۆحە بەناو کوردیە ساختەیە کە بەزۆر پێمان ئەڵێن ئەوانە نوێنەری ئێوەن و ئەبێت دەنگی پێبدەن، دەنگ بدەن بە حەق و راستی دەنگ بدەن بە نوێنەرانی شاخ، بەمەلا بە ئاغا بە دەرەبەگ و بازرگان و دنیادیدە!!! ئەوە ئەوکارەساتەیە کە دەسەڵاتی کورد دروستی کردووەو شەڕیش بە مەدەنیەت و دیموکراسی و دەزگای مۆدێرنی پەرلەمان ئەفرۆشێ و ئەیانەوێت بە خەوتوویی دونیای دەرەوە تێبگەیەنن و ئاواش بەو مەهزەلەیە پەرلەمانی کردۆتە تەکیەو دیوەخان و ئوتێل و خاڵی خاڵی کردۆتەوە لە توانستی زانسی و گەنج و کەسایەتی بەجورئەت وخاوەن هەڵوێست.

لە کاتێکدا پەرلەمان جێگای شانازی هەموومانەو دەبوو وەك یەکەمین دامەزراوەی یاسادانان و دەنگ بۆدراو لە 19/5/ 1992 وەك دەزگایەکی مێژوویی ناوەندی کۆکردنەوەی کاسایەتی بەهێزوجەنگاوەری مەدەنی مۆدێرن و قوربانیدەرو خۆراگر بوایە کەچی ئابەو شێوەیە ئەوە چەندەم جارە بە خەواڵویی لە میدیاکانەوە ئەبینرێت و سوکایەتی پێ ئەکرێت، کە بۆ کەسایەتی نێودەوڵەتی و سیاسی خۆمان خۆش نییە بە باوێشکدان دانیشتن و کۆبونەوەکان بگوزەرێنین لەکاتێکدا کورد ئەو هەموو کێشەو گەندەڵیەی هەیە، لەدوای ئەو وێنانەوە دەبوو بەراستی پەرلەمان ئەو خەوتوانەی بخستایەتە دەنگدان و ڕەوانەی

ماڵەوەیان بکردنایەتەوە تا خەوی ئیسراحەت بکەن و حەیانەکەشیان بلۆك بکەن، بەڵام کوا لە پەرلەمانی شەرقیدا بریاری لەو جۆرە هەیە؟

قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی کە خەونی رزگاری یەکجاری و خەونی دەوڵەتی یاساو دیموکراسیەت و ئازادی و مافە سیاسی و کولتوریەکانی بەو خەوتووانەی پەرلەمان سپاردووە؟! ئەوان ئازان هەفتەی رۆژێك بچنە پەرلەمان و بخەون و بخۆن و رابوێرن و داوای بەرزکردنەوەی موچەکانیشیان بکەن بۆ ئاستی پەرلەمانتارەکانی بەغداد، بەڵام ئامادەنین بۆ ساتێك دەنگ هەڵبڕن و لەبەردەم زوومی کامێرایەکدا نەخەون و باوێشك نەدەن!!

ئافەرین بارەکەڵڵا..<br>
بخەوە وەکو مەلا..<br>
خەیاڵ بروا لابەلا..<br>
کوردیش بکەوێ بەلا..<br>
حاڵمان جوانە لە بەغا..